
# خەیاڵی عیشقی تۆ

بۆ گۆرانی نوسراوە

## کاوەی خەسرەو کاوانی



خەیاڵی عیشقی تۆ هات و          وەکو تیری خۆی لەسەر دا
دڵ گوڵی بۆ کردە قەڵغان و          بەخەندە خۆی وەبەر دا

*          *          *

ئارامی لێ هەڵگیراوە          ئەم دڵە بێ ئۆقرە وشێتە
چاوەڕێ ی هاتنی تۆیە و          حەز بە چرپەی دەنگی پێتە

*          *          *

خەیاڵی بێ سنووری تۆ          ناسۆر و حەژمەتی ژینە
هەر چەندە زامی سووتانە          بۆ دڵم چەشنی هەنگوینە

*          *          *

کێ دەزانێ عیشق و عاشق          چۆن یەکتری تەواو دەکەن
هەردوو لە جەنگەڵی ژینا          دێن و یەکتر راو دەکەن

*          *          *

من کە خۆم راوچیم و ئێستا          بۆ عیشقێکێ بووم بە نێچیر
تریشقەی دا لە دەروون و          ئارامی هەست و هۆش و بیر

*          *          *

من گێرودەی عیشقی تۆمە          تۆش هێزی بۆ ئەژنۆی ژینم
بێ مانایە عیشقێکێ , گەر تۆ          نەکاتە پاشای ئەوینم